www.kurdistannet.org
16/05/2003 03:28

# ئاسایشی هەرێمی کوردستان

## ئەزموونێکی کاڵ وکرچ.. بێهودەیی ئەقڵی دەسەلأتی کوردی

((مەریوان هەڵەبجەیی))



دەزگاکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێم, کەبەشێکی گرنگی وەزارەتی ناوخۆو کۆڵەکەی پاراستنی هێمن وئارامی کۆمەڵگان, وەك هەردامەزراوێکی تر لەسەرەتاکانی دروستبوونی دەسەلأتی یاسایی حکومەتی هەرێمدا هاتۆتە بوون و هەرلەیەکەم هەنگاوییەوە ئامادەیی هێزی خۆی لەو بۆشاییە گەورەیەدا نیشانداوە کەڕەوشی کوردستانی ئازادکراوی تێداتێپەڕ دەبوو.

گومان لەوەدا نییە کەدەزگای ئاسایش لەکوردستاندا داهێنانێکی نوێ نەبووەو دیاردەیەکی لەم شێوەیە لەهەموو دەسەلأت و حوکمڕانێکی دەوڵەت و حزب و ڕێکخراودا بەناوو شێوەو شێوازی جیاجیاو تایبەتەوە هەن و هەریەك لەوانە لەسەر شێوازێکی تایبەت بەخۆیان بەڕێوە دەچن, بۆ نموونە: ئەمنی عێراق, ئیتلاعاتی ئێران, میتی تورکی, گیستاپۆی ئەڵمانی, مۆسادی ئیسرائیل.. تاد. ئاسایشی هەرێمیش وەك هەر دەزگایەکی دیکەی ئەم وڵات و دەسەلأتانە دەزگایەکی تەقلیدییەو کلاسیکیانە مومارەسەی دەسەلأتەکانی خۆی دەکات. ئەگەر چی ویستویەتی شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەبێت بەلأم نەیتوانیوە لەژێرکاریگەری دەزگاکانی ناوخۆو ئیقلیمی و ئەقڵی سیاسی دراوسێ و دەوروبەر دەربچێت, نەك هەرئەمە بەڵکو سوودی چاکیشی لێبینیون و گەر یەکێك بەناو پێکهاتەی ئەم دەزگایەدا شۆڕببێتەوە زۆر بەئاسانی پێکهاتە ئیدارییە تەقلیدییەکە دەبینێت.

کارمەندانی ئەم دەزگا کوردییەش وەك هەر دەزگایەکی دیکەی لەم شێوەیەی دەسەلأتە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە دامەزراون!! لەسەرەتادا لەسەر ئاستی توانایی و بڕوانامەو لێهاتوویی دانەمەزراون, بگرە لەسەر ئاستی تەزکییەو پشتگیری کەسایەتی و حزبی دامەزراون و ئێستاشی لەگەڵ بێت لە ٥٪ی تێدا نابینرێت کە ئەکادیمی بن.

ئەگەرچی نامەوێ لێرەدا باسی ئیجابیاتی ئەم دەزگایە بکەم, چونکە ڕەخنەیەك هەیەو دەمەوێت ئاڕاستەیان بکەم بەلأم ناتوانین ئەوە پشتگوێ بخەین کەکۆمەڵێك کاری چاك و دەرئەنجامی باشی لێبەدیهاتووە, لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین لەئاست سلبییەکانیدا بێدەنگ بین و جورئەت نەمانگرێ کەباسیان نەکەین. ڕەخنەگرتن, لەهەرلایەن و کەسێك بێت, دیاردەیەکی مەدەنییەو کارێکی پێویستەو ئەگەر بێت و دەسەلأتەکانی دونیا بەدامەزراوە هەمە چەشنەکەیانەوە گوێ لەڕەخنە بگرن ئەوا دەتوانن لاوازترین خاڵ و نهێنیترین باس و سلبیترین دیاردەی خۆیان ببینن ! (ڕۆژنامەش کاری جدی لەم حاڵەتەدا دەکات). باشترین هۆکاریش بۆ بینینی ئەو خاڵە لاوازو سلبیانە خوێندنەوەی بلأوکراوەکانە بەتایبەت ڕۆژنامەو بەیاننامە !!

یەکێك لەو دیاردە سلبیانەی کەدەزگای ئاسایش وەك بەشێکی گرنگی وەزارەتی ناوخۆ پیادەی دەکات, ئیزدیواجیەتیانە لەکاتی جێبەجێکردنی دەسەلأتی یاساییاندا بەرامبەر بەگومانلێکراوو تۆمەتبارو تاوانباران.. !! ئیزدیواجیەتی دەسەلأتیان بەرامبەر بەدوو چینی لێکجیاوازی کۆمەڵگا.. !! چینێك کەلەهەژارو نەدارو بێپشت وپەناو هاودەردانی پێکهاتووەو لەهەموو کارەسات و ڕووداوو ئەزموونەکاندا باجی گەورەیان داوە, چینێکی دیکە کە لەدەوڵەمەندان و دەسەلأتداران و بەرپرسان پێکهاتوون و ناویان لێناون چینی بالأ.. !! ئەو ئیزدیواجییەتە کەپاش کەمێکی تر نموونەو بەڵگەیان لەسەر دەهێنینەوە, هەر لەلوتکەی بەرپرسانەوە تا دەگاتە نزمترین پلەو ئاسایترین کارمەند,

هەرهەموویانی گرتۆتەوەو مەگەر لەهەزاردا یەك, ئەگینا هەرهەموویان ڕۆژانە مومارەسەی ئەم ئیزدیواجییەتە لەدەسەڵاتیاندا دەکەن.

ئەگەرچی ناکرێ یەکەیەکە کارمەندانی ئەم دەزگایە بخوێنینەوە, ئەوە کارێکی زۆر گرانەو توێژینەوەی سایکۆلۆژیی و تایبەتمەندانی دەوێ, بەڵام زۆر بەئاسانی دەتوانین لەو دەرئەنجامانەدا کەئاسایش کردوونی بیانبینین.. !! نموونە سادەو ساکارو دەرئەنجامە ئاسانەکەش زیندانی ئاسایشە.. !!

دیارە زیندانیانی ئاسایش لەڕووی یاساییەوە هەموویان وەك یەکن و لەڕووی مافیشەوە هەموو یەکسانن, بەڵام بەداخەوە لەڕووی دەسەڵات و بواری ئابوورییەوە وەك یەك نین و بەرێژەیەکی بەرچاو جیاوازییەکان دەبینین.. !! گەر یەکێك سەردانی زیندانیەکان بکات زۆر بەئاسانی دەتوانێ لە ٩٥٪یان بەچینەکانی خوارەوە بخەمڵێنێ, واتە زیاتر لە ٩٥٪ی زیندانیان هەژارو نەدارو بێپشت وپەناو ڕەش وڕووتن.. ئەوی دیکەش بریتین لەو کەسانەی کەباری دەروونیان لەژێر سفرەوەیە.. تەنانەت (وەك لەسەردان و ئامارێکی خۆمدا بۆم دەرکەوتووە) ئەو تۆمەتبارانەی کە لەڕێگەی ئاسایشی هەرێمەوە سزادراون و ئێستا حوکمدراون, لە ٩٩٪یان لەچینەکانی خوارەوەن, بۆ نموونە فەرمانگەی چاکردنی کۆمەڵایەتی لەسلێمانی هەیەو دەتوانین بیکەینە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر.

ڕەنگە ئاسایش بپرسێ (بۆی هەیە هەموو زیندانیەکان لەچینی خوارەوە بن, بەڵام تاوانبارن و لەڕێگەو ئەنجامی تاوانەکانی خۆیانەوە حوکمدراون نەك لەبەر هەژاری).. ! لێرەدا دەپرسین: (ئێمەش قسەمان لەسەر هەژاربوون وەك تاوان نەکردووە, بەڵام ئایا نەدەکرا لەناو ئەو هەموو تاوانبارانەدا دوو دەوڵەمەند, دوو بەرپرس, دوو ئەندامی دەسەڵاتدارانی تێدا بوایە؟ ئایا ئەوان تاوانیان نەکردووەو تاوان ناناسن؟؟.. ئایا نەگیراون و پاشتر ئازاد نەکراون؟)

ئەو چینە هەژارەی ئێستا لەزیندانەکانی ئاسایش و فەرمانگەی چاکردنی کۆمەڵایەتیدا ژیانی سزا بەسەردەبەن و ساڵانێکی زۆرە بەهۆی ڕەفتاری خۆیانەوە لەژێر دەواری مەرگو ساتە بێدەنگو ڕەنگەکانی ئەو دیو ئاسنەوە ژیان بەسەردەبەن و لەهەموو خۆشی و لەزەتێکی ژیان بێبەشن, بەهەمان شێوەی ئەوانە کۆمەڵێکی زۆر لەتاوانبارانی چینی باڵا هەن و بەهۆی کاریگەریی داراییانەوە, یان بەهۆی خزمایەتی و ناسیاوێتی دەسەڵاتدارو بەرپرسیارانەوە ئێستا ئازادن و لەسەر ئارەزووەکانی خۆیان دەژین.. !! تەنانەت ئەو تاوانبارانەی کەدەگیرێن و سزادەدرێن, هەر زۆر بەخێرایی بەهۆی لێبوردنی تایبەتەوە (عفو خاص) ئازاد دەکرێن.. !! ئەگەر مەلەفەکان هەڵبدەینەوە دەبینین, لەزەمەنی بەرەی کوردستانیدا منداڵێك گیراوەو سزادراوە, ئەم منداڵە هەتا ئێستا لەزینداندا ماوەتەوەو ڕیش و سمێڵی هەیەو پاش دروستبوونی حکومەتی هەرێم و ئاڵوگۆڕکردنی چەندین حکومەت و ڕووخانی صەدام, هێشتا لای ئەم منداڵە بەرەی کوردستانی دەوری هەیەو لە ئاڵوگۆڕەکان بێئاگایە, لەکاتێکدا هاوەڵ و هاوڕێی هەبووە لەزینداندا کەپاش ئەو گیراوەو دووجار سزای لەسێدارەدانی هەبووەو یەك دووجاریش سزای هەتاهەتایی بەڵام بەماوەیەکی کەم بەهۆی لێبوردنی تایبەتەوە (عفو خاص) ئازادکراوە. ئائەمە ئیزدیواجییەتی سیاسەتی یاسای کوردی نەبێت ئەبێ چی بێت؟..

لێبوردنی تایبەت پەیوەندی بەئەقڵی سیاسی و یاسایی کۆمەڵگای کوردییەوە هەیەو ئاسایش لەمەوە دوورە بەڵام ناکرێت پەیڕەوکردنی ئەم ئیزدیواجییەتە بەسەر ئاسایشەوە شۆڕنەکەینەوە.. بۆ نموونە لەتاڵانیەکەی پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەغدا چەندین بڕیاری کوردی دەرچووەو هەڕەشەی سزادانی ئەو کەسانەی تێدابووە کەتاڵانی لەجۆری سەیارەو شتی دیکە دەهێننە کوردستانی ئازادو لەکاتی گرتنیدا دووبەرامبەر سزادەدرێن. بەڵام لەکاتی جێبەجێکردنیدا, ئەم بڕیارە تەنها کەسان و هاوڵاتیانی هەژارو بێدەسەڵاتی گرتەوەو لەبنکەو زاڵگەکاندا بۆسەیان بۆ دانابوون و هەرچییان پێبوو لێیان دەسەندن, لەکاتێکدا ناوشارەکان پڕپڕن لەسەیارەی تاڵانی و هەریەك لەو سەیارانەش نوسراوێکی ڕەسمی یا نوسراوی کەسێکی دەسەڵاتداریان پێیەو ئاوبێنەو دەست بشۆ.. !! ئایە نەدەکرا ئاسایش وەك نوێنەرێکی بەهێزی یاساو هێزێکی سامناك بەڕاستی ببوایەتە نموونە باڵاکانی یاسای کوردیی و دەسەڵاتی خۆی بەسەرهەموو کەسێکدا وەکو یەك مومارەسە بکردایە؟؟.. ئایا ئەمە نموونەیەکی یەکلاکەرەوەی ئیزدیواجیەتی یاسای کوردی لە ئاسایشدا نییە؟؟.

www.kurdistannet.org

نمونەیەکی‌دی: تاوانباران‌و بکوژان‌و جەلادانی بەعس هاتونەتە کوردستان‌و لەپەنای ئەم‌و ئەودا خۆیان مەڵاس داوە. وەك بەری خۆر ڕوون‌و ئاشکرایە چ کارەسات‌و خوێنڕێژییەکیان دەرهەق بەکۆمەڵگای کوردی کردووە.. ئایە ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەتوانێ پێمان بڵێ کامە یاساو کامە دەسەڵاتیانە وا ئەو جەلادانە بەئازادانە دێن‌و دەچن؟؟ بۆ نایانگرێت؟؟.. بۆلێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ناکات؟ ئەی بۆ هەژارو روتەڵەکان دەگرێ‌و تەنها لەسەر گومان چەندین ڕۆژو شەو زیندانیان دەکاو لەبەرامبەر مێژووی دوژمنانەوە زەردەخەنە دەیگرێ؟ ئەم ئیزدیواجیەتە بۆ؟؟.. هەتاکەی؟!.. هەرئەوان نین باسی نیشتیمانپەروەرێتی دەکەن؟ ئەی بۆنایەن لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە زۆر بەراستگۆییانە باس لەئیزدیواجیەتی خۆیان بکەن‌و داوای لێبوردن بکەن‌و بڵێن ئێمە دەزگایەك بووین هەتا ئێستا دژ بەچینی خوارەوەو لەخزمەت چینە باڵاکاندا بووین؟؟.. ئایا ئاسایش شەرمی لەخۆی نایەت ئەو هەموو تاوانبارو جەللادە بەعسیانە بەئازادی دێن‌و دەچن‌و زیندانەکانیشیان پڕ پڕە لە تاوانباری هەژارو رووتەڵە؟؟.. ئایا ئاسایشی هەرێم شەرم نایگرێ کەدەبینێ ئەو هەموو دزو جەردە دەسەڵاتدارو پارەدارانە دێن‌و دەچن‌و ئەو هەموو کیمیاباران‌و ئەنفالچیانەش بسکەی سمێڵی ئازادی لە کوردستانی ئازاددا بادەدەن لە کاتێکدا ژووری زیندانەکەیان لە زۆریدا هەژاری تر ناگرێت؟!...

علی باپیر, کەسی یەکەم لە کۆمەڵی ئیسلامی, بەپێی ڕۆژنامەی هەواڵ‌و بەپێی ئەو ئیفادەیەی کەجاسووسێك ئیعترافی لەسەر کردووە, یەکێکە لە پیاوانی ڕژێمی بەعسی رووخاو. ئەم زاتە کە لاف‌و گەزافی ئیسلامەتی لێدەداو بەحەدیس‌و ئایەت داوای گەڕانەوەی سەردەمی خەلافەت دەکات‌و خۆشی بۆ ئەمیرایەتی گشت موسڵمانانی جیهان ئامادەکردوە کەچی وا دەرکەوت داردەست‌و دۆست‌و خۆشەویستی عەلی کیمیایی‌و پشت‌و جاسوس‌و موخابەراتی ئەنفالچی‌و زەهری دەستی صەدام بووە.. وا دەرکەوت کەدوژمنی کوردو دوژمنی کۆمەڵگای مەدەنی‌و حوکمی عەلمانی‌و جێی متمانەی جەللادەکانی ئەمنی عامەو هەیئەی خاصەو مەنزومەی بەعسی شیمال‌و کۆمەڵکوژی نابوتترین ڕژێمی دنیابووە.. ئەم زاتە کەداوای سەبروئیمان‌و قیامەتپەرستی لەموسڵمانان دەکرد, وا دەرکەوت کەخۆی دنیاپەرستی‌و مادەپەرستی کردووەو بەدەفتەر دۆلاری وەرگرتووەو لەگەڵ جەللادەکان بەوێنەی شێخ جەعفەرو هاوەڵانی‌و هاوبیرو هاوفکرو هاودەردو هاوپەیام بوون.. ئێستا ئەم زاتە لەبەرئەوەی دوڵەمەندەو دەستەڵاتدارە بەئازادانە دێت‌و دەچێت‌و ئاسایش نرکەی لێوە نایەت‌و جورئەت نایگرێ بانگی بکاو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکات, کەچی بەهێزو بەرزو باڵایە بۆ هەژاران ماوەیەك زیندانیان بکات ئەگەرچی لەسەر گومانیش بێت !! ئەم ئاسایشە بانگی ئەم عەلی باپیرە ناکاو فیلمی ئەنفال‌و هەڵەبجەی بۆ لێنادات‌و پێی بڵێ تۆ ئەحبابی ئەم ئینسان کوژانە بوویت‌و پێویستە دادگایی بکرێیت, بەلام بۆ ڕووتەڵەو برسی بەجەرگەو منداڵ دەگرێ‌و سمێڵ‌و ڕیشیش دەرکات هەروازی لێناهێنێت.

ئەم ئیزدیواجیەتەی ئاسایش وامان لێدەکات کەبڵێین دەسەڵاتی ئاسیش دەسەڵاتی یاساو دەسەڵاتی حوکمی دیموکراتی‌و دەسەڵاتی کۆمەڵگایەکی مەدەنی نییە, بەڵکو دەسەڵاتی ئەقڵی سیاسی تاك حزب‌و تۆتالیتاری‌و جۆرێك لەدەسەڵاتی خێڵەکیە, پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەو پەروەردە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەوە هەیە کەدەشتەکی (بەدەوی)یەکانی عەرەب‌و ناوچەکە هەیانبووەو لەسەری ڕاهاتوون.. پەیوەندی بەو ئەقڵە سەلەفی‌و دیکتاتۆرانەوە هەیە کەمێژوو لاپەڕەکانی لەخوێنا گەوزاندوون‌و هەموو چینە جیاوازەکان نەیانتوانیبوو لەژێر کاریگەری ئەم جۆرە دەسەڵاتە ڕزگاربکەن‌و یاسایەك ببینن کەلەناو مادەو بڕگەکانیدا خۆیان یەکسان بپێون. ئەم ئیزدیواجیەتە لەئاسایشدا هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی گرتۆتەوە.. !! لەبەرامبەر هەژارو نەدارو بێپشت‌و پەنادا یاسا سەروەر دەکەن, لەبەرامبەر سەرمایەدارو دەسەڵاتدارانیشدا بێدەنگی‌و خۆگێلکردن هەڵدەبژێرن.. !! لەکاتێکدا دەبێت (یاسا) یاسایەکی مەدەنی بێت‌و دامەزراوەیەك بیبات بەڕێوە کە بەفعلی داخوازییەکانی کۆمەڵگا جێبەجێ بکاو هەموو کەس بەهەموو چین‌و توێژە جیاوازەکانییەوە لەبەرامبەر ئەم یاسایەو ئەم دامەزراوەیەدا یەکسان بن.. کارمەندێك لەم دامەزراوەیەدا ئیش بکات بەلانی کەم مافەکانی مرۆڤ لەبەرچاو بگرێ‌و هەموو ژیان‌و جەستەی خۆی‌و هەموو قەناعەت‌و هەموو بەرژەوەندییە تایبەت‌و گشتیەکان‌و هەموو هیواو ئامانجی خۆی‌و حزبەکەی بکاتە قوربانی یەك پەنجە لە هاوڵاتیان‌و بکاتە سووتەمەنی لەپێناو ئاسوودەیی یەك سات لەئینسانەکان.

**دەزگای ئاسایش لەهەرێمی کوردستانی ئێستادا دەزگایەکە بۆ پیشاندان و دەرخستنی هەیمەنەی حزب لەکاتێکدا دەبوو دەزگایەك بوایە بۆ بەخشینی هێمنی و ئارامیی هەموولایەك و بەکارهێنانی یاسا بەرامبەر هەموو کەسێك بەیەکسانی ... تا دامودەزگاکانی دەوڵەت جیاوازی لەنێوان مافی مرۆڤەکاندا ببینن و یاسا وەکوخۆی و وەك یەك و بەیەکسانی پەیڕەو نەکەن, ناتوانین و ناشکرێت بڵێین لەژێر دەسەڵاتی دیموکراتی و ئازادی و لەناو کۆمەڵگایەکی مەدەنیی سەربەستدا لەژێر یاسایەکی بەرقەراردا دەژین.**

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت